**بۆ: بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**بابەت: سەرەخۆشی**

**بەداخێکی گرانەوە هەواڵی دڵتەزێنی تەقینەوەی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی لە هەولێرمان پێگەیشت کە تێیدا کاک شاخەوان عەباس‌و ژمارەیەك لە سەرکردایەتی‌و کادرو ئەندامانی ئێوەو هەروەها خەڵکی بێدیفاع گیانیان لە دەست دا.**
**من لە لایەن خۆم‌و کومیتەی ناوەندی‌و هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوە وێرای مەحکووم کردنی ئەم کردەو تیرۆریستی‌و دژی ئینسانییە سەرەخۆشی قووڵی خۆمان بە جەنابت‌و سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و هەروەها بە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو جینایەتەو بە هەموو ئەندامان‌و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی‌و بە هەموو گەلی کوردستانی عێراق رادەگەیەنم. گەلی کورد لە ئێران‌و هەموو ویژدانێکی ئازادیخواز نەفرەت لەو کردەوە تاوانکارانەیە دەکاو خۆی بە شەریکی خەمتان دەزانێ.**
**دڵنیام کە بڕیاردەرانی ئەم چەشنە تاوانەش ئیرادەی خەڵکی کوردستانیان بۆ ئازادی‌و ئاشتی پێ کز ناکرێ، بێجگە لە بێزاری زیاتری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و رای گشتیی جیهان‌و سزای قورستر بۆ خۆیان هیچی‌دیکەیان بە نسیب نابێ.**

**براتان عەبدوڵڵای موهتەدی**
**سکرتێری گشتیی کۆمەڵە**
**٢٠٠٤/٢/٢**

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٢٤٧١١
Mobile: ٠٠٤٤٧٠٧٧٥٣٧٤٦٥